## خۆپیشاندانی شکۆداری شاری یۆتۆبۆری  دژبە لەشکر کێشی سوپای تورکیا بۆسەر کوردستان



ئەمڕۆ شەممە ڕێکەوتی 27؛10؛2007  لەشاری یۆتۆبۆری وولاتی سوید خۆپیشاندانێکی گەورە لەلایەن کۆمیتەی هاوبەشی دژ بە لەشکر کێشی سوپای تورکیا بۆسەر کوردستان ڕێکخرابوو، سەرەتا لە سەنتەری شار لە (برونس پارکن) خەڵک هەموی کۆبۆوەکە ژمارەیان نزیک بە 1500کەس دەبوو پاشان بەرەو ( یۆتە پلاتسن) کەوتینەڕێ کە شوێنێکی گەورەو فراوانە بەمەبەستی کۆبونەوە لەوێ، شیعارەکانی سەر لافیتەکان وهاواری خۆپیشاندەران  بریتی بون لە (لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر کوردستان مەحکومە، . دەوڵەتی سەربەخۆ تەنها وەڵامە بەم لەشکرکێشیانە، بەڵێ بۆ ڕیفراندۆمێکی ئازاد و دەنگدان بە سەربەخۆیی کوردستان.. نا بۆ جەنگ وهەرەشەو پەلاماردان.. بەڵێ بۆ جیابوونەوەو سەربەخویی.)  کەبەهەردوو زمانی سویدی وکوردی نوسرابون ودەوترانەوە، پاشان ڕاگەیاندنی کۆمیتەی هاوبەش لەلایەن (کاروان لطیف) بەزمانی کوردی خوێندرایەوە، وەبەدوای ئەودا هەمان ڕاگەیاندن بەزمانی سویدی خوێنرایەوە،  دواتر دوو نوێنەری هەریەک لە حیزبی چەپی سویدی، حیزبی سۆسیال دیموکرات وتەی خۆیان پێشکەشکرد وە بەسەدان ڕاگەیاندنی کۆمیتەی هاوبەش بە زمانی سویدی بڵاوکرایەوە وە دەیان ڕاگەیاندنی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەنێو خۆپیشاندەراندا بڵاو کرایەوە.



کۆمیتەی هاوبەش دژ بە لەشکر کێشی سوپای تورکیا بۆسەر کوردستان

1) نادی سەقافەی عێراقی.

2) کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان.

3) نەوەندی کولتورو خوێندنی کوردی.

4) فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی_یۆتۆبۆری.

5) کۆمیتەی یۆتۆبۆری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق.
6)کۆمەڵەی پێشمەرگە دیرینەکان.
7) ناوەندی چاک.
8) کۆمەڵەی ژنانی فەیلی.
9) کۆمەلەی سۆسیال دیموکراتی کوردی.
10) حیزبی کۆمۆنیستی ئێران_کۆمەڵە.
11) کۆمەڵەی ئاشتی ودیموکراسی کەرکوک.
12)کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.
13)کۆنگرەی گەل.
14) کۆمەڵەی ژنانی نێودنگە.
15) کۆمەڵەی بروسکەی ڕۆژهەڵات.
16) کۆمەلەی کوردی لەشاری یۆتۆبۆری.
17) کۆمەڵەی بێستون.
18) کۆمەڵەی کوردی کوردستان.
19) یەکێتی کوردان.
20) کۆمەڵەی ژنان لەیۆتۆبۆرگ.